میرزا ئەحمەدی داواشی لە نێوان دوو ئەزموونی زمانی و دوو قوتابخانەی شیعریدا

عوسمان نووری (ڕێبین)

پوختە:
میرزا ئەحمەدی داواشی شاعیر بە پێی هەڵکەوتەی جوغرافیایی شوێنی لە دایک بوون و ژیانی و هەروەها بەپێی ئەو فەترە زەمانییەی کە تێیدا ژیاوە هەڵگری هەندێ تایبەتمەندیی زمانیە کە بە پێی هەمان تایبەتمەندی، تایبەتمەندیی مەعنایی و ناواخنییش هەڵدەگرێ. لە درێژیی مێژوودا کورد سێ ئەزموونی زمانی نووسینی گۆرانی، و کرمانجی و سۆرانیی هەبووە کە لە سەر بنەمای ئەو سێ ئەزموونە سێ قوتابخانەی ئەدەبیش هاتووەتە ئاراوە .
ژیانی ئەدەبیی ئەم شاعیرە هاوکاتە لە گەڵ کۆتاییەکانیی قوتابخانەی گۆران و سەرەتاکانی قۆناخی دووهەمی قوتابخانەی ئەدەبیی سۆران کە بە هەردوو ئەزموونی زمانیی گۆرانی و سۆرانی دەق و بابەتی هەیە. بە بۆچوونی من، ئەزموونی زمانیی سۆران لە دوو قۆناخدا فۆرموولە دەبێت، قۆناخی یەکەم لە نالییەوە تا کۆماری کوردستان (1945) و قۆناخی دووهەمیش پاش کۆماری کوردستان هەتا ئێستا. ئەم وتارە ئەیەوێ تیشک بخاتە سەر ئەو تایبەتمەندییە زەمانی و زمانیی و مەعنایییانەی کە لە کۆی بەرهەمە شیعرییەکانیدا و لە پێوەندیی لەگەڵ ئەو دوو قوتابخانە ئەدەبییەدا، بەدی دەکرێ.

وشە سەرەکیەکان:
میرزا ئەحمەدی داواشی، ئەزموونی زمانیی گۆران، ئەزموونی زمانیی سۆران، قوتابخانەی ئەدەبیی گۆران، قوتابخانەی ئەدەبیی سۆران

پێشەکی:

میرزا ئەحمەدی داواشی وەک شاعیر و خاوەن دەقی ئەدەبی سەر بە کام قوتابخانەی ئەدەبیی کوردستانە؟ ئایا دەکرێ شاعیرێک سەر بە دووقوتابخانەی ئەدەبیی بێت؟ یان ئەوەی کە جاروبار ئەبیستین کە داواشی دواچۆڕی قوتابخانەی ئەدەبیی گۆرانە تا چەندە راستە؟ سەرەڕای ئاوابوونی تەمەنی قوتابخانەی ئەدەبیی گۆران و جێگر بوونی قوتابخانەی ئەدەبیی سۆران، لە روانسەری جوغرافیای سۆراندا، لەبەرچی داواشی زیاتر خۆی لە قوتابخانەی گۆراندا ئەبینێتەوە؟ ئەم وتارە ئەیەوێ وەڵامی ئەم چەند پرسیارە و هەندێ پرسیاری تری پێوەندیدار بداتەوە .

لە ئەدەبی کوردیدا کەم نین ئەو شاعیر و ئەدیبانە زۆر ڕوون و ئاشکرا قوتابخانەی ئەدەبیی دیاریکراویان هەیە، بۆ نموونە کەسانی وەک عەلی حەریری، فەقیە تەیران، مەلای جزیری و ئەحمەدی خانیش، ڕوون و ئاشکرایە کە سەر بە قوتابخانەی ئەدەبیی کرمانجین، کەسانی وەک سەرهەنگی دەوان و بێسارانی و خانای قوبادی و میرزا شەفیعی کولیایی، وەلی دێوانە و مەولەویش دیارن کە سەر بە قوتابخانەی ئەدەبیی گۆرانن، هەر وەها نالی، سالم، مەحوی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، حاجی قادری کۆیی و هێمنی موکریانیش ڕوونە سەر بە قوتاخانەی ئەدەبیی سۆرانن .

لە کوردستاندا تا هەنووکەش قوتابخانەی ئەدەبیی بە پێی زمانی دەقەکان دیاریی دەکرێت، کەچی پێویستە هەندێ فاکتەری تر بخرێتە پاڵ ئەو فاکتەرە زمانی و زاراوەییانە، وەکوو شێواز و سیاقی دەربڕین، بازنەی زەمانی و جوغرافی و تەنانەت ناوەڕۆکیش.

بەگشتی مێژووی زمانی نڤیساریی کوردی بە وردی و ئەو جۆرەی کە پێویستە فۆرموولە نەکراوە بۆیە کەلێنێکی گەورە بوونی هەیە کە پەلی کێشاوە بە سەر مێژووی ئەدەبیشماندا.

ئەم وتارە لە سەر پێگەی قوتابخانەیی و زمانیی داواشی دەکۆڵێتەوە. ئەڵبەت داواشی بەوجۆرەی کە پێویستە لە پانتایی ئەدەبی کوردیدا ناسراو نیە و غەدری لێکراوە و جوغرافیای ناسینی میرزا ئەحمەد بە دەگمەن ناوچەکانی جوانڕۆ و ڕوانسەر و هەورامان و کرماشان و تاڕادەیەکیش سنە تێدەپەڕێنێت. ئەو نەناسرانەش بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی کارەکانی بە زمانی ئەدەبیی گۆرانی بووە و بەداخەوە ئەدیبانی گۆران، کەمتر ئاوڕیان لێدراوەتەوە و بە بۆچوونی من، ئەوەش لە دەرەنجامی دابڕانێکی زمانیی و ئەدەبیی، لە پاش کۆماری کوردستان (1945) و بیچم گرتنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەر بنەمای زمانیی سۆرانی دێتە ئاراوە. ئەو دابڕانە، جۆرە دابڕانێکی مەعریفیشە واتە کورد لە پاش کۆمار هەموو شتێکی بەستەوە بە ناسیۆنالیزمەوە و ئەمەش غەدری زۆری تووش کردووین، لە نەناسینی سەرهەنگی دەوان و پەرێشانی دینەوەری و خانای قوبادی و میرزاشەفیعی کولیایی و سەی یاقووی مایدەشتی و ئەرکەوازی تا میرزای داواشی هەموو بەرهەمی ئەو دابڕانەیە.

رووڕ کردنەوەکی چەمک و تێرم:

میرزا ئەحمەدی داواشی (١٣٢٣-١٣٥٩) خەڵکی شاری ڕوانسەری سەر بە پارێزگای کرماشانە و شاعیرێکی ناکاوبێژ و زۆر بەهەستە. دیوانە شیعرێکی هەیە کە لە سەر ئەرک و زەحمەتی کاک حوسەین موحەمەدی کوڕی شاعیر سالّی ١٣٨٩ی هەتاوی لە لایەن نەشری ئێحسانەوە چاپکراوە. میرزا بە دوو شێوەزمانی گۆرانی و سۆرانی شیعر و هۆنراوەی هەیە. (محمدی، 1389: 9)

لەم وتارەدا مەبەست لە ئەزموونی زمانی، ئەو شێوەزارەیە کە لە شوێنێکە وە سەری هەڵداوە و دوایی بووە بە زمانێکی هەمەگیر و پانتاییەکی جوغرافی گرتووەتە بەر و بووەتە زمانی نووسین و دەق و بابەت و بەرهەم، بەو زمانە بەرهەم هێنراوە. ئێمەی کورد، سێ ئەزموونی زمانیی نووسینمان هەبووە و لە سەر ئەو بنەما زمانیەش سێ قوتابخانەی شیعریمان هەیە. ئەزموونەکانی زمانی نووسین لە کوردستاندا بە پێی ڕەوتی زەمانی بریتین لە ئەزموونی زمانیی گۆرانی، کرمانجی و لە کۆتاییشدا سۆرانی. لەم سێ ئەزموونە زمانییەدا هەر جارە و شێوەزارێک بووەتە بنەما بۆ نووسین و دوایی لە ڕەوتی زەمەندا ئەو شێوەزارە کەوتووەتە پێوەندییەکی دیالێکتیکی لەگەڵ شێوەزارەکانی تری هاوتەنیشتیدا و دوایی بووەتە زمانی نووسین، کەوابوو بەم ئاراستەیە، گۆرانی و سۆرانی و کرمانجی وەک سێ ئەزموونی زمانیی نووسین لە سێ قۆناخ و سێ پانتایی جوگرافیدا کە هەندێجار، جوغرافیەکانیشیان هاوبەش دەبێت، ئیتر وەک لقێکی زمانی کوردی یان شێوەزار نابێ بۆی بڕوانین، کەوابوو مەبەست ئەوەیە ئاخێزگەی ئەو زمانە نوسینانە هەر شێوەزارێک بێت دوایی لە ئەنجامی دیالێکتیکێکی زەمانی ـ جوغرافیدا هەموو ئەرکەکانی زمان وەک کەرەستەی گواستنەوەی مانا و مەعریفە و زمانی پێوەندی دەکەوێتە ئەستۆیان. بۆیە بەم مەبەستەی من، ئەم سێ ئەزموونە هەرکام و لە شوێن - کاتی تایبەتدا نوێنەرایەتیی زمانی کوردی ئەکەن، نە وەک ئەوە وابزانین سێ زمانی جیاوازن یان سێ زاراوەی ناوچەیین. وەک نموونە ئەزموونی زمانیی سۆران لە جافیەوە و سەرەتا لە مەولاناخالیدی نەقشبەندییەوە بە نووسینی پەخشانی ((عەقیدەنامە)) (شاکەلی، 1399: 51) و دواتر لای نالی سەر هەڵدەدا و لە ئەمڕۆکەش دا سێنتزێکی زمانییە کە مۆرکی زۆربەی ناوچەکانی لە خۆیدا هەڵگرتووە وەک موکری، گەرمیانی، ئەردەڵانی جافی و تەنانەت کرمانجی ژوور و هەورامیش.

بە هەمان شێوە زمانی گۆرانیش، بە سێنتێزێکی زمانی دەزانم کە ئاخێزگەی هەورامانە و دوایی لە درێژایی مێژوودا و لە ڕەوتێکی دیالێکتیکی لەگەڵ شێوەزارەکانی تری هاوتەنیشتی وەک جافی، کەلهوڕی، و لەکی و تەنانەت لوڕیش پەروەردە دەبێت و لە بازنەیەکی زەمانیی دوور و درێژدا ئەرکەکانی زمانی کوردی لە گواستنەوەی مانا و مەعریفە دا بە ئەستۆ دەگرێ، کە وا بوو گۆران

زمانێکی ئەدەبیە و جگە لە ناوچەی هەورامان و هەندێ ناوچەی تری وەک زەردەی دالّەهۆ و کەنوولەی کرماشان زمانی ئاخاوتنی گشتی نەبووە. زۆریش رووبە زمانی گۆران زمانی نووسین و جیاواز لە زمانی ئاخاوتنی گشتی بووە و کەسانی وەک مەولەوی و خانا و میرزا شەفیع و تەنانەت میرزای داواشیش بەو زمانەی کە نووسیویانە قسەیان نەکردووە.

لە سەر بنەمای ئەو سێ ئەزموونە زمانیە ئێمە سێ قوتابخانەی شیعریشمان هەیە کە بریتین لە قوتابخانەی ئەدەبیی گۆران و کرمانج و سۆران کە هەرکامەیان خاوەن تایبەتمەندیی خۆیانن و بە هەر هەموویانەوە کۆی ئەدەبی کوردی پێک دەهێنن. قوتابخانەی ئەدەبیی گۆران بە پێی هەندێ سەرچاوە لە سەرهەنگی دەوان (935-1007 ز) (خەزنەدار، 2001: 234) و مەلا پەرێشانی دینەوەرییەوە (1356-1421ز) (رووستەم، 2019: 7) تا ئەم سەردەمەی ئێمە و تا داواشی زیاتر لە هەزار ساڵ لە خواروویی موکریانەوە تا ناوچەکانی لوڕی گەورە و بچووک و لەولاشەوە تا گەرمیانی کوردستانی باشووری ئێستا، زمانی ئەدەبی و زمانی پیرۆزی باوەڕمەندانی ئایینی یارسان بووە. وەک پێشتر ئاماژەم کرد، زمانی ئەم قوتابخانە ئەدەبیە ئاخێزگەکەی هەورامان و دەشتی شارەزوور بووە و دوایی کە پەرە ئەسێنێ، لەگەڵ شێوەزارەکانی هاوتەنیشتیدا وەکوو جافی و لەکی و کەلهوڕی و لوڕی تێکەڵ دەبێ و کۆیەکی رەنگین، لە حەکایەت و حەماسە و ئایین و تەنانەت وەرگێڕانیشی پێ تۆمارکراوە. خاڵی گرنگی گۆرانی ئەوەیە کەزمانی هۆنراوە بووە و دەق وئاسەوارێکی ئەوتۆمان لە بەردەست نیە کە بسەلمێنێ زمانی پەخشان بووبێت. بەگشتی ئەم قوتابخانەیە لەگەڵ دونیای مۆدێرندا فایلی دادەخرێت و نابێ بە زمانی پەخشان و رۆمان و رۆژنامە و سیاسەت و نەتەوە سازی.

قوتابخانەی ئەدەبیی سۆرانیش وەک ئاماژەکرا بە پێی هەندێ سەرچاوە لە نووسینی نامیلکەیەی مەولاناخالیدی نەقشبەندی لە سەر عەقیدەی ئیسلامی و بە شێوەزاری جافی و بە شێوەی پەخشان دەستپێدەکا و لە نالی و سالم کوردیدا بەتەواوی خۆی دەردەخات.

سۆرانی کەم تەمەنترین ئەزموونی زمانیی و قوتابخانەی ئەدەبییە بەڵام بەو هەموو تەمەن کورتییەوە، بووە بە زمانی دونیای هاوچەرخ و مۆدێرنی کوردستان و لە رۆژنامە و شانۆ و رۆمانەوە بگرە تا فەلسەفە و ... پێی دەنووسرێ و هەنووکەش هەر هیچ نەبێ لە دوو بەشی رۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا نوێنەرایەتیی زمانی کوردی بەگشتی ئەکات و هەرچەند بە شێوەیەکی فەرمی لە لایەن هیچ دەسەڵاتێکەوە وەک زمانی پێوەر رانەگەیەندراوە، بەڵام وەک زمانی پێوەر لە هەموو جمگەکانی کۆمەڵگادا خۆی سەلماندووە و بەردەوام زمانی سیاسەت و جیاوازیی کوردە لەگەڵ ئەوییەکانیدا.

بە بۆچوونی من، میژووی قوتابخانەی ئەدەبیی سۆران، دابەش دەبێت بە سەر دوو قۆناغدا، قۆناغی یەکەم لە نالییەوە تا سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، و قۆناغی دووەم لە پاش کۆمار هەتا ئێستە.

قوتابخانەی کرمانجی ژووریش لە پاش شەڕی چالدێران لە ساڵی ١٥١٤ی زایینی (خەزنەدار، 2001: 160) و لە عەلی حەریری (خەزنەدار، 2001: 149)یەوە دەس پێدەکات و لە مەلای جزیری و ئەحمەدی خانیدا، دەگاتە لووتکە و جیاوازییەکەی لەگەڵ ئەو دوو قوتابخانەکی تر لەوە

دایە کە تەمەنی زیاتر لە پێنسەد ساڵ دەبێت و لە مێژەوە ئەزموونی پەخشانی هەیە و هەنووکەش لە سەردەمی مۆدێرندا بەردەوامە لە بەرهەمهێنانی دەق و تێکست و هێشتاکەش زمانی سیاسەت و ژانێرە مۆدێرنەکانیشە.

دابڕانی زمانیی، زەمانی و جوغرافیی لە نێوان زمانی ئەدەبیی گۆران و سۆراندا

ئەو ناوچەیەی کە ئێستا بە پارێزگای کرماشان ئەیناسین لە دێر زەمانەوە ناوەندێکی کاریگەر بووە لە ئەدەبی کوردیدا و زۆرترین و بەرچاوترین و کاریگەرترین دەقەکانیش هی سەردەمێکن کە گۆرانی زمانی نووسین و تەنانەت زمانی ئاینی یارسانیش بووە، هەر لە نامەی سەرەنجام و دەفتەرەکانی یارسانەوە، تا دەگاتە خانای قوبادی و میرزا شەفیعی کولیایی و ئەڵماسخانی کەنوولەیی و سەی یاقووی مایدەشتی و لەم دواییانەش ئاغە عەنایەتی جوانڕۆیی و مامۆستا سەید تاهێری هاشمی و مەڵا موحیەدینی سالْحی و میرزا ئەحمەدی داواشی و ... ، هەگبەیەکی رەنگین لە ئەدەبی ئایینی و عرفانی و وەرگێڕان و شانامەی کوردی و ئەدەبی حەماسی و شیعری زیندان و موقاومە مان هەیە، کە بەداخەوە ئاوڕی جیدیی لێنەدراوەتەوە.
کەم نین ئەو شاعیرانەی ناوچەی سنە بەرەوخوار و بەتایبەت ناوچەی کرماشان لە پاش جێگربوونی ئەزموونی زمانیی سۆران هێشتا پێبەستن بە زمانی گۆران وەک شاعیرانی سەردەمی دیل گیران ((١٣١٠ – ١٣٢٠))ی کۆچیی هەتاوی (آبراهامیان، 1378: 176) کە رژێمی رەزاخانی پەهلەوی لە درێژەی سیاسەتی تەختەقاپوو کردنی عەشایەردا راپێچی زیندانی کردن. وەک ئاغە عەنایەت، حەبیبوڵای نەعلەینی، موحەمەد بەگی ناوخوەژگان ... . کە جیا لەوانە میرزا ئەحمەدی داواشی و میرزا لوتفوڵای جوانڕۆییش وەک دوو شاعیری زاربێژ و هاوەڵ، کە زۆرجار موشاعیرەشیان پێکەوە هەبووە دیسان هەمان رەوتی گۆرانی درێژە پێدەدەن و ناچنە بازنەی سەقامگرتووی ئەدەبی سۆرانەوە، جگە لە چەند بابەتێک نەبێت کە ئەویش بە زمانی زارەکی ناوچەی خۆیان دایانڕشتووە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەمانە بە تەواوی نایەنە بازنەی قوتابخانەی سۆرانەوە؟ بۆچی داواشی و کەسانێکی تری هاوچەرخی ئەو لە پاش سەد ساڵ دوای نالی هەر بە گۆرانی هەستی خۆیان، دەربڕیووە.
وەڵامی ئەم پرسیارە ئەتوانێ رەهەندی زۆری هەبێت بەڵام من وەک نووسەری ئەم وتارە بەرچاوترین و کاریگەرترین رەهەندی، بە شەقێکی دیسکۆرسیڤ دەزانم کە لە پاش سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد کە ئەزموونی زمانیی سۆرانی زۆر بەرەو پێش برد دەزانم. کۆماری کوردستان وەک خاڵێکی وەرگۆڕانی بەرچاو لە پاش سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی لەبەر ئەوەی ناوەندەکەی لە مەهابادا بوو و لەباری جوگرافی و مرۆییشەوە دیاردەیەکی بەرتەسک بوو نەیتوانی کاریگەرییەکی ئەوتۆ دانێتە سەر کوردستانی سنە بەرەوخوار. ئەو دیسکۆرسە ناسیۆنالیستییەش زیاتر بە ناوکی سەختی کوردستانی سۆران و سوننیەوە گرێی

خواردبوو بۆیە چ لە باری زمانییەوە و چ لە باری ئایینیەوە نەیتوانی پێوەندییەکی چڕوپڕ لەگەڵ کرماشان بگرێت، هەرچەندە هەوڵەکانی کەسانی وەکوو برایم خانی نادری و مامۆستا سەید تاهیری هاشمی و رەشید باجەڵان لەو پێناوەدا و لە دەڤەری کرماشان (عەبدوڵاهی، 2008: 249) و دواتریش سەیدتاهیری هاشمی و موحەمەدی کەمانگر و مامۆستا رەبیعی و هاوکارانی تریان لە ساڵی ١٣٣٧ی کۆچی هەتاوی بەملاوە و لە رادیۆ کوردی کرماشانی (ئەمجەدی، 1394: ٦) سەردەمی حەمەرەزا شا واتە پەهلەویی دووەم، لەبەرچاومانە بەڵام هەرگیز سۆرانیی وەک زمانی ئەدەبی، جەماوریی نابێتەوە. ئەگەریش دەرەنجامێکی دەبێت زیاتر ناوچەکانی کوردستانی سونیی وەک جوانڕۆ و رەوانسەر و پاوە دەگرێتەوە.

بەگشتی بە سەرهەڵدانی کۆمار و ناسیۆنالیزمی پاش کۆمار، زمانی گۆرانی و دونیای رەنگین و دەوڵەمەندی ئەدەبی گۆران دەخزێنرێتە ئارشیڤێکەوە کە دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمی نوێ ناتوانێ خاوەنداریی لێبکات و تەنانەت زۆرجار وادیارە کە زۆربەی ئەدیبانی پاش کۆماریش بەتایبەت لە ناوچەی موکریان هەر ئاگاداری ئەو گەنجینە گەورە و رەنگینە نین. بۆ نموونە مامۆستا هەژاری موکریانی بە پێی ئەو سەنگ و بارتەقایەی، خۆی دەرگیری زمان و ئەدەبی کوردی کردووە، ئەوەندە ئاگاداری ئەدەبی گۆران نەبووە، و تەنیا کاری ئەو لەبواری ئەدەبی لە ناوچەی کرماشاندا، پێشەکییەکە کە بۆ دیوانی ((شامیی کرماشانی)) ئەینووسێت کە ئەگەر چی زمانی شیعرەکانی شامی کەلهوڕیی کرماشانییە، بەڵام هەژار هیچ باسێک لە پێشینەی ئەدەبیی گۆران و ناوچەی خواروو بەتایبەت کرماشان ناکات (کرماشانی شامی، 1362: 8).

کاریگەرییەکانی ناسیۆنالیزمی نوێ بە ڕادەیەک بوو، کە قۆناخی پێش خۆی بە تایبەت ئەدەبی گۆرانیی تا رادەیەکی زۆر لە بیرکرد و لە قۆناخی پاش کۆماری کوردستان، تەنانەت زۆرجار، بە پێودانگ و پێوەری دونیای ناسیۆنالیزم خوێندنەوە بۆ ناوەرۆکی دەقە ئەدەبیەکانی پێش سەردەمی ناسیۆنالیزم کراوە. وەک نموونە پرۆفیسۆر عێزەدین موستەفا ڕەسوڵ لە تێزی دۆکتۆراکەیدا کە لە سەر ئەحمەدی خانی نووسیوویەتی، ئەیەوێ خوێندنەوەیەکی میلی و ناسیۆنالیستی بۆ مەم و زین بکات، (عیزەدین مستەفا، 2008: 107) هەرچەندە فاکتەکانی پێشەکی مەم و زینیش لەگەڵ دونیای رێئالی ناسیۆنالیزمیشدا بگونجێ، دیسان نابێ لە بیر بکرێت کە سەردەمی ژیانی ئەحمەدی خانی تەنانەت ناسیۆنالیزم ئەوجۆرەی کە دواتر هەیە نە گەڵاڵە کراوە و نە تێۆریشی بۆ دارێژراوە و دەتوانین بڵێین سەردەم سەردەمی نیشتمان پەروەری یان پاتریۆتیسمە.

مەبەستم لەم چەند دێڕە ئەوە بوو کە ئەزموونی زمانیی سۆرانی کە دواتر پشت ئەستوور بە ناسیۆنالیزمی کۆمار بوو لە ناوچەکانی خواروی کوردستانی رۆژهەڵات، نەیتوانی جێگر ببێت بۆیە دیسکۆرسی گۆرانی و گۆرانی بێژی هەر مایەوە و داواشیش لە سەر هەمان ڕێچکە چەند شاکاری خولقاند وەک مووسا و سەنگ تراش و شەڕی هەڵاڵە زەردە و ... . بەڵام داواشی جیا لە گۆرانی بە سۆرانیش بڕێک بابەت و بەرهەمی هەیە.

داواشی و شیعری گۆرانی

شیعری گۆرانی لە سەر بنەمای کێشی دەبڕگەییە و کێش لە ئەدەبی گۆراندا چەم و خەمێکی ئەوتۆی نیە و زۆر سادە و سانا لە رەوتی مێژوودا ئەو دەبڕگەییە هاتووە تا ئێرە. کێشی بڕگەیی زۆر ئاساییە دڵخوازی شاعیرانی لەناکاو بێڕ بێت. ئەو کێشە دەبڕگەییە لە ئەدەبی ئایینی و دڵداریێەوە تا حەماسە و تەنانەت وەرگێڕانیش تەنیا یەک کێش بووە. راستە هەموو ئەو بابەت و بوارانە بە کێشی دەبڕگەیی هۆنراونەتەوە، بەڵام لە بەر ئەوەی ئەدەبی گۆران پێوەندییەکی چڕوپڕی لەگەڵ خوێندنەوەی گشتی و زارەکیدا هەبووە لەکاتی خوێندنەوە دا بێژەران لەحنی خۆیان گۆڕیوە، بۆ نموونە شانامە لە لایەن شانامەخوێنانەوە بە لەحنی حەماسی و لەیلی و مەجنوونی خانای قوبادی بە لەحنێکی دڵداری خوێنراوەتەوە. ئەم گۆڕینی لەحنە زۆر جوان وەک نموونە لە فایلە دەنگییەکانی میرزا ئەحمەدی داواشی و میرزا لوتفوڵای جوانڕۆییشدا هەیە، کە حەماسەیان بە حەماسەت و شیعری دڵدار و موناجاتیشیان بە لەحنی تایبەتی خۆی خوێندووەتەوە.

داواشی لە هەمان کێشی دەبڕگەییدا زمانی داریژرانی لە سیاڤۆشەکەم بۆ مووسا و سەنگتراش و تا هەڵاڵە زەردە تەوفیری هەیە جۆرە سیاقێکی پاراستووە کە زمانی ئایین و عیرفان لە زمانی دڵداری و تەنانەت حەماسە جیا دەکاتەوە. بۆ نموونە وەختێ ((جەنگنامەی هەڵاڵەزەردە)) (محمدی، 1389: 567) دەخوێنینەوە زۆر جار لەحن و مۆسیقا پاڵ ئەداتە پاڵ شانامەی کوردییەوە.

شیعرییەت و رەوانبێژی هونەرمەندانە و تەبعی پاراو و ناسک خەیاڵی لە زۆربەی شیعرە گۆرانییەکانیدا دەبیندرێ، وەک بڵێی زەین و خەیاڵ و رۆحی شاعیر پێوەندییەکی ئۆرگانیکییان لەگەڵ شیعری دەبڕگەیی و وشەی ساکار و وێنای نەخشێندراوی سروشتیدا هەبێت، زۆرجار ئەوەندە ئەو زمانە لەگەڵ رەوایەت و داڕشتنی شاعیرانەدا تێکەڵە رەنگە خوێنەر واهەست بکات خەریکی خوێندنەوەی بەیت یان وەسفێکی فۆلکلۆری کۆنە بۆ نموونە لە شیعری ((بەرزە چانارێ))دا بەمجۆرە وەسفی خانمێکی یارسانی دەڤەری دالّەهۆ دەکات:

ماه مشکین پۆش، زوڵفان موشکینێ
موشک ئەفشان نە دەور، جام جەبینێ

سەر و سەراوێ، سەوڵی چەمەنێ
ئاهووی بێ ئاهووی، سەحرای خوتەنێ

قامەت قیامەت، قەمەر روخسارێ
نازک و نازدار، نزاکەت دارێ

خونچەی گوڵ باخچەی، تازە ڕەسیدە
شکۆفەی شیرین، شەونم چەشیدە

هێمان خاس مەزەی، عەشقش نەچەشتەن
تازە نوور عەشق، وە ڕووشا وەشتەن
(محمدی، 1389: 189)

یان لە شیعری ((سیاپۆشەکەم))دا
بەمجۆرە وەسفی شایی بەستنی تاقوەسان لە عەشقی دڵداریێکی سیاپۆشدا دەکات:

تاقۆسان جەنۆ، بەزم خوسرەو بەست
غوڵامان سەف سەف، کەنیزان دەست دەست

((نەکیسا)) نە بەزم، نەوای عەنبەرین
بێدار کەرد خوسرەو، لە عەشق شیرین

((بارابۆد)) مەدا، موژدەی ئامای ئەو
شۆر شیرین وەست، لە قەلب خوسرەو

خوسرەو لە شادی، غەرق لە شەوق شوور
شکۆفا چوون گوڵ، فەرماش بە ((شاپوور))

ئیمشەو شیرینم، خەیاڵش کەردەن
گیسووی کەمەندش، وەستەن نەگەردەن

کەڵکەڵەی کۆکەن، یا ((پەرۆیز))شەن
وە ((شەودێز))ەوە، ڕەستاخێزشەن

یا هەواڵ مەرگ، کۆکەن شنەفتەن
ئاشوفتەن ((شاپوور))، ((شیرین)) نەسرەفتەن

((شاپوور)) نە جای من، عوزر خواییش کەر
خاستەر جە جاران، پەزێراییش کەر

((نەکیسا)) نەزمێ، بە دڵ خوایی ئەو
((بارابود)) بەزمێ، خوەش ئامایی ئەو

کەنیزان هەر وەک، مە و مەهپارە
سەف بدەن لە دەور، ئەو چوون ستارە

وێت بەر بە ساقی، سۆز و گودازش
((شاپوور)) شیرینەن، بکێشە نازش

مەبادا شادی وشەوقش، بەتاڵ بۆ
شیرینم ئەوقات، شیرینش تاڵ بۆ
(محمدی، 1389: 193)

وەک دەبینین سەرەڕای هەموو نەخشاندنە هونەرییەکانی، رازاندنەوە و ریزکردن و مۆسیقای پیتەکان شیعرەکەی ئەوەندەی تر جوان ئەکات، نموونەیەک کە هەرچەند لای شاعیرانی پێش ئەو وەکوو نالی هەیە بەڵام زۆرجار ئەو شێوازە داڕشتنە بیری هەندێ بەیتی فۆلکلۆریشمان ئەخاتەوە وەکوو:
نازنازەی مەرجان، تەقتەقەی کەوشان، خاڵە بێ خەوشان، هانەک و مەشان، کەوتووەسە ناوی حەوزێکی پلچ و پان، گوڵەنگ و فێسەکەی هەر با ئەیوەشاند.....

میرزاش ئاوا ریزی پیتەکان بەشێوەیەکی هونەرمەندانە ریز دەکات:

تورەی توغرای زوڵف، زەرد تاتاتەن
نەقش نەقاشی، گۆشەی گۆناتەن

چوون جەیران جەلد، ئاما و لواتەن
سەیادان سەرسام، دیدەی سیاتەن

وە جام جەمین، جیلوە و جەلاتەن
جام ((جەم)) جە لای، جەمینت ماتەن
(محمدی، 1389: 208)

تایبەتمەندییەکی تری ئەدەبی گۆران لە شێوازی روانین بۆ دەسەڵاتایە، جۆرە روانینێکی ئۆستووریی و بان مرۆیی رەنگە بتوانم بڵێم میراتێکە لە ئەدەبی حەماسی و پاڵەوانیی کوردەوە بەجێ ماوە (چەمەن ئارا، 1395: 16)، لێرە شاعیر سەرەڕای ئەوەی خۆی لە بەرامبەر دەسەڵاتێکی نەیارپشدا ببینێتەوە بەڵام دیسانەوە شکۆی دەسەڵات ئوستووریی ئەبینێت، بۆ نموونە لە شیعری ((شەڕی هەڵاڵە زەرد))دا، سەرەڕای ئەوەی کە فەلسەفەی دارشتنی ئەو شیعرە باس وتۆماری دلێریی و ئازایەتییەکانی ((سەردار رەشیدی ئەردەڵان))ە لە بەرامبەر رەزاخانی پەهلەویدا، هەر لە سەرەتاوە کە دەسپێدەکات و لە باسی گۆڕینی دەسەڵاتی قاجارەکان بۆ پەهلەوی، وەسفێکی ئوستووریی و بە روالەت لایەنگرانە، لە دەسەڵات و توانای رەزاخانی پەهلەوی، لە کۆکردنەوەی شپرزییەکانی وڵاتی ئێراندا دەکات. وەسفێکی پارادۆکسیکاڵ، کە لە لایەکەوە خۆی لە بەرەی سەردار رەشیددایە و لە هەمان کاتدا وەسفی شکۆمەندیی دەسەڵاتی بەرامبەر و نەیاری سەرداریش ئەکات و لە هەندێ شوێنیشدا بە هێنانەوەی ناوی کەسایەتیی و دەستەواژەی تایبەتی شانامەی کوردی، زیاتر بەرەو ئاقاری فەزای شانامەمان دەبات.
لە وەسفی رەزاخاندا کە لە پاش شپرزییەکانی کۆتایی قاجارەکان، و بەیارمەتی ئینگلیز دێتە سەر دەسەڵات و سامانی ئەو شپرزییە دەدات ئاوا دەڵێت:

سەراسەر کشوەر لە تەلاتوم بی
شادیش چون خورشید لە زوڵمات گوم بی

لە بێشەی ئێران بەرئاما شێرێ
چ شێرێ شێری دانا دلێرێ

شێری و دلێریش شیاو و عەیان بی
سەرباز بی و ساحیب، تەخت و کیان بی

وە کۆمەک ئینگلیس، مادی و مەعنەوی
جاگیر بی لە تەخت، رەزا پەهلەوی

هەتا بی وەشا ئەوەڵ تەدبیر کەرد
لە ئێران ئەعلان سەرباز بگیر کەرد

نەزم نزانم دا چوون باش دلێران
کۆتا کەرد ئاشووب، ئەشرار لە ئێران

بە وێنەی شاهان، نادرەی نامی

تەشکیل دا وە سان، سپای نزامی

قەساس قاتڵ خوون ئەشرار ڕێز
ئەوەڵ ئارامش، بەخشا وە تەبرێز
(محمدی، 1389: 569)

دوایی لە دڕێژەدا لە وەسفی ڕەزاخانەوە با ئەداتەوە بۆ وەسفی سەردار ڕەشید و بەمجۆرە ئەڵێت:

سەرداڕە ڕەشید، عالی میقدارەن
ساحیب سپا و سان، تیپ و سوارەن

نەواچی ئەڵبەت، باقی ئەکرادەن
تا ئارۆ وەی تەور، مادەر نەزادەن

بەی تەورە سەردار، لە ڕۆزگارێ
نەویەن لە دەورەی، هیچ شەهریارێ

بە ڕەسم سەردار، بە شکۆ شاهەن
مەنزوورش وە تەخت، تاج و کولاهەن

داوخواز داوەن، وە عەزمی جەزمی
ماهرەن بە ڕەمز،ڕموز ڕەزمی

سەردار سەرحەد، کوردەواریییەن
لە ناو سەرداران، چوون مانگ دیاریییەن

لە جەمع شێران، ئێران، بەی تەورەن
کەیخەسرەو شەوکەت، توهمەتەن تەورەن
(محمدی، 1389: 571)

وەک وتمان کارگەرییەکانی کولتووری شانامە نووسی بە سەریەوە دیارە، چ لە نیگای ئوستووڕەیی بۆ دەسەڵات و چ بە چواندنی سەرداڕە ڕەشید بە کەیخوسرەو و توهمەتەن. دواتریش لە هەمان شیعردا و لە وەسفی جافرسانی هەورامان و وەکیڵی جوانڕۆدا دەڵێت:

وات: ((جەعفەر سوڵتان))، مەعرووف نامی
سان شەست ساڵەی تەخت ئەورامی

نەتیجەی ((بیژەن))، جۆیای شکارەن
جە نەسڵ ((بەهمەن))، ((ئەسفەندیارەن))

خوسووسەن ((وەکیڵ))، لە رووی حەقیقەت
بایومن و نگین، روتبە و تەریقەت

نژاد ئەولاد شاە ((شاوە)) کۆن
ستوون سەیوان، جاف جوانڕۆن
(محمدی، 1389: 576)

لە درێژەدا، تەنانەت راستەوخۆ ئاماژە بە کولتووری شانامە خوێنیش دەکات و دەڵێت:

بە شەوق و شادی، نیشتن لە رووی شەور
شۆخی مەکەردەن، هەریەک وە یەک تەور

هۆرە و گۆرانی و شانامە خوانی
بەگ و بەگزادە و خان و خەوانی
(محمدی، 1389: 584)

نموونەی تری زاڵ بوونی فەزای شانامە لە شەڕی هەڵاڵە زەردەدا لەم دوو بەیتەشدا، دیارە:

لە زەربەی ستوور، سەدای نای و کووس
هەوا تەم ئەنگێز، سەما ئابنووس

واوێش تەیار کەرد، ((ئەمیر مەخسووس))
پەی جەنگ رۆستەم، مەگەر ((ئەشکەبووس))
(محمدی، 1389: 601)

کە لێرەدا باسی تەیاریی و ئامادە بوونی ئەمیر مەخسووس فەرماندەی دەسەڵاتی تاران دەکات بۆ شەڕی کوردستان، و دیسانەوە هەمان نیگای ئوستوورەیی بۆ دەسەڵات خۆی دەنوێنێ.

لە جێیەکی تر دیسان دەڵێت:

شەلاقان کێشا، هەی کەردەن لە ئەسپ
من وە پیادە چوون ((ئازەر گوشەسپ))
(محمدی، 1389: 641)

دیسانەوە لە زمانی سەردار ڕەشیدەوە وەسفی ڕەزاخان دەکات:

سەردار لە شادی، واتش ئەی فەرزەند
دیارە هەسارەی شانسمان بەرزەن

حەزرەت ئەشرەف، لە ڕووی عەنایەت
لوتفش بی چەنیم ئیمڕۆ بێ غایەت
(محمدی، 1389: 650)

کە لێرەدا مەبەستی لە حەزرەت ئەشرەف، ڕەزاخانی پەهلەویە و دیسان لە وەسفیدا دەڵێت:

ڕەزای پەهلەوی، پەیدا بی چوون شێر
دەست دا وە شەمشیر، زەننەندەی دلێر

بە ((گوم شەو دوور شەو))، وە پشتە شەمشیر
هەی کەرد لە مەردم، شێر شێران گیر

خەشن وێنەی شێر، درِندەی بێ باک
وە شەهامەت شی، تا مەجلیس بێ باک
(محمدی، 1389: 651)

لە کۆتاییەکانی شیعری شەڕی هەڵاڵە زەردەدا لە درێژەی هەمان وەسفی هێز و دەسەڵاتدا، کاتێ باسی ساڵی ١٣٢٠ی کۆچی هەتاوی و شەری جیهانی دووەهم دەکا دەکەوێتە وەسفی ((هیتلەر)) و دەڵێت:

یەک جار ئوروپا، شەرق و غەرب یەکسەر
خاو حەرام هەر شەو، لە تاو ((هیتلەر))

گاز خەفەکون، بووم ئەژدەری
ناو ناوشکەن، سپای هیتلەری

فەرمان شەڕدا، هەر وەک شێر نەڕ
ئەمر حەملە دا، لە بەحر و لە بەڕ
(محمدی، 1389: 672)

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی کلاسیک و بەتایبەت ئەدەبی گۆرانی چەشنە روانینێکی جیاوازە بۆ ئایین و میتافیزیک، بە شێوەیەک کە لە ناوەوەی بازنەی ئایین و دیسکۆرسی ئایینییەوە رەخنە ئاراستەی حوکمە ئایینییەکان دەکرێ. و ئەمە لە ئەدەبی سۆرانی و کرمانجیشدا هەیە، بەڵام لە ئەدەبی گۆراندا زیاتر و بەرچاوترە و هەر لە بێسارانی و بگرە پێشتریشەوە جۆرە وەستانەوەیەک دژ بە رواڵەتی ئایین و ئەو چوارچێوە شەرعییە هەبووە، کە جۆرێکە لە شەڕی ئەقڵ و دڵ و شەریعەت و شوهوود.
بێسارانی ئەڵێت:

ڕۆیێ کوفر دیم، ئیمان مەپۆشا
دڵ، ئیمان بە دەست کوفار فرۆشا

دینی تەرسا گرت هورگێڵا جە گشت
پشت بەست بە زونار کلیسا و کەنشت

واتم ئەی دڵە، فامت شۆ نەسەر
کێ بەستەن بە دین کوفاران کەمەر؟

گرتەنت مەزهەب شێخ سەنعانی
ئیمان مەورەشی زونار مەسانی

دڵ وات بە خودای کار سازی کەریم
من جە دینی تۆ بێزارم، بەریم

ئەڵقێوە جە زوڵف زونناری دڵبەر
نمەدۆ بە مووڵک دارا و ئەسکەندەر

سوب سەدای ناقووس سەیری بتخانە
دینی تەرسایان، کلیسا یانە

خاستەرەن جە دین ناتەمامی تۆ
سوجدەی ڕیایی، سوبح و شامی تۆ
(مەلاسالّح، 1375: 293)

بە هەمان شوە خانای قوبادیش ئەڵێت:

زوننارم بەستەن، زوننارم بەستەن
جەو ساوە پەی تۆ زوننارم بەستەن

شیشەی نام و نەنگ تەقوام شکەستەن
ئەعزام جە بادەی مەیل تۆ مەستەن ...

سەجادەم وە هوون زامان ڕەنگ کەردەن
سوژدەم وە مێحراب ئەبرۆی تۆ بەردەن

هوونم چ حاکم، چ قازیم چ شێخ
واجب مەزانان بڕێزان وە تێغ

جارِ بدەن وە ناو کووچە و شاراندا
وە عیبرەتم کەن جە بازاڕاندا

بواچان خانای قوبادی مەستەن
بەدعەهدی کەردەن زوننارش بەستەن

نەزانان خانا وە مەیلت مەستەن
جانفیدای ڕۆژ «یوم الألست»ەن
(عوسمان خەیات، 2016: 245)

یەکێک لە بەناوبانگترین ئەو شیعرانەی کە نیگایەکی ڕەخنەگرانە لە بەرامبە بیری وشکی ئایینداِ هەیە، تەرجیع بەندە حەوت بەندییەکەی خانای قوبادیە کە لە بەندێکی دا ئاوا ئەڵێت:

یاحەی! ئەر بەدخووم، ئەر پاکیزەخووم
گونای من چێشەن؟ ئافەریدەی تووم

شەڵڵای ڕۆی ئەزەڵ نەربیا وە جەور
نەکێشای تەسویر هەستیی من وەیتەور

سا کە کێشانت بینای باڵادەست!
من هەر سونع تۆم، ئەر خاسم ئەر گەست

حاکمی تۆ، هەم وێت کەر بە قازی
کەس بە سونع وێش چوون نییەن ڕازی؟

سونع تۆ بە دەست وێت ئافەریدەن
ئەر نەبۆت پەسەند، کێ پەسەندیدەن؟!

بەڵێ هەی عەلیم ئاگای سیڕڕ غەیب!
موبەڕڕا جە شیرک، عاری هەر عەیب

ئەوڕۆ کە هەستیی منت کەرد ڕەقەم
((ولله وبالله))، بە زاتت قەسەم

ئەر مەبی بە دەست من ئیختیارێ
جەو دەمدا دەرلاد مەکەردم کارێ

دونیای بێوەفای تۆ نەدیام بە چەم
نەکەوتام بەیتەور نە گێجاو خەم

ئێستە چونکە تۆ عەلیم دانا
بێ تەعلیم عیلم، دانا و تەوانا

ناڕەزایەتیی ئەجزای تەرکیبم
ئازاب دنیات کەرد وە نەسیبم

بۆ بەشق پاکیی پیری تەریقەت

بە ڕوکن ئەحکام کوللی شەریعەت

بە قەییوومیی وێت، یا قایم بە زات
خانا جە دیوان عەرسەی عەرەسات

نەکەری جە فەیز فەزڵ وێت مەحرووم
نەنویسیش جە ئەهل مەخزوولان شووم

وەرنە بە زاتت. جەلای زات تۆ
مەکەروون ڕۆی حەشر، من شکات تۆ!
(عوسمان خەیات، 2016: 403)

لە سەر هەمان ڕێچگە میرزا ئەحمەدی داواشیش شیعرێکی هەیە کە بەمجۆرە گلەیی و گازندە لە خودا دەکات:

ئەورۆ جە عەدەم، دنیات کەرد سرشت
وێت کێشای تەسویر، فەرقەی زیبا و زشت

وات قەرار داگە، لە سەر عالەم گشت
گاگا پشت وە زین، گاگا زین وە پشت

ئەگەر بدکارم، مانعم تۆوی
چوونکە جە ئەزەڵ، سانعم تۆوی
(محمدی، 1389: 139)

و دوایی لە بەیتێکی تردا و لە درێژە دا دەڵێت:

تۆ ئادەم وە نەفس، مەدەری ستێز
تۆ شیرووییەت کرد، وە خوونی پەرۆێز
(محمدی، 1389: 140)

شیعری ((مووسا و سەنگتەراش)) کە ڕەوایەتی ئەوینی سەنگتاشێکە لە سەر "شاخی توور" بۆ خودا و دوایی ڕووبەڕوو بوونەوەی سەنگتاش و مووسای پیغەمبەر، لە ناوەڕۆکدا ململانێێ ئەقڵ و دڵ یان شەریعەت و ئیشراقە، کە شەڕێکی کۆنە و هەر ئەم شیعرە پیشتر لە لایەن "مەولانای

رووميّيەوە بە ناوی ((مووسا و شەبان)) دارێژراوە، بەڵام لە رەوایەتی داواشیدا ((شەبان)) یان شوان ئەگۆڕێ بۆ ((سەنگ تەراش)). کاتێ کە مووسا لە عەشقی سەنگتاش بۆ خودا ئاگادار دەبێت، دژ بەو جۆرە وێنە و وێنایە کە سەنگتاش لە خودا هەیەتی دەوەستێتەوە و بە خێرایی خۆی دەگەیەنێتە کۆی تووڕ و ئەو ماڵەی کە سەنگتاش بە رازاوەیی و بە هیوای ئەوەی خوا بێت و سەردانی بکات و لە واقیعدا بۆ خوای دروست کردووە، بە تەواوی تێکی دەدات، داواشی زۆر جوان و هونەرمەندانە رەوایەتی بەمجۆرە دەکات و ئەڵێت:

تا شنەفت مووسا، نەکەردش قوسوور
بە توندی و تاڵی، خۆی گەیاندە تووڕ

سەرسام بی مەنزڵ، سەنگتەراشێ دی
مەنزەرەی عەجیب، دڵخەراشێ دی

تەواسا و تاسا، مووسا لە حەرسا
دەس دا وە ئاسا بێ پرس و تەرسا

کاسە وە کووزە، کووزە وە کاسە
شێوانی بسات، ئەو بەزمە خاسە
(محمدی، 1389: 48)

پاشان سەنگتەراش دەگەڕێتەوە و دەبینێ مووسا ماڵەکەی تێکداوە لێی تووڕە دەبێت و تەنانەت دۆعای زۆر خراپیشی تێ ئەکات:

ناغافڵ سەنگتاش، ئاما وەلاوە
حەزرەت مووسای دی، دەس وە ئاساوە

دیش کاسە و کووزەی، یەکسەر شکیاگە
ئەساسەی ماڵی، لە یەک دریاگە

وتی وە مووسا، بۆ دەردمت دێوان
ئەساسەی بسات، شادیمت شێوان

دەک خودا ماڵی تۆیش، بکا کاول
خۆت بکا وە چێو، عەبات وە داول

(محمدی، 1389: 48)

که داول مەبەست ((داهۆڵ))ە، لە دریژەشدا دەڵێت:

یە پەی چیش، خانە خراوم کەردی؟
جگەر پارە و کەواوم کەردی؟

سەرمایەی هەستی، رەنجم دای وە باد
خوا رەنجت بکا، وە رەنج ((فەرهاد))
(محمدی، 1389: 48)

مووسا لە جوابی سەنگتاشدا بە تووندیی دێتە قسە و بە گەوج و ئەبلە ناوی ئەبات و ئەڵێت:

مووسا بە هەیبەت، واتش: ئەی کەم فام
شێت دێوانەی، ئەبڵەی خەیاڵ خام

خوداوەن، زاتێ، بێ چوون و چەران
((سبحان الذی))، لە عەیب موبەڕان

بیر و باوەڕ خۆت، لە دەس داگە
دین و ئیمانت، زەڕە نەماگە
(محمدی، 1389: 49)

دیسانەوە سەنگتەراش دەڵێت:

واتش وە مووسا، وە کۆی زووخاڵ بای
هەق هۆر نەگیرۆ، لێت بەڵکە لاڵ بای
(محمدی، 1389: 49)

لە کۆتاییدا خودا دێتە ناو ململانێکەوە و لە کێشەی نێوان ئەقڵ واتە مووسا و دڵ واتە سەنگتاش، بڕیاری کۆتایی دەدات و ململانێکە بە لای دڵدا دەشکێنێتەوە و هەڕەشە لە مووسا ئەکات کە ئەبێ سەنگتاش ئاشت کەیتەوە، ئەگینا لە پێغەمبەریی لات ئەبەم و سەنگتاش بە دۆس گیانی خۆی ناو ئەبات و تەنانەت بەشارەتی دیداریش لە گەڵی ئەدات، و دەسپێرێتە مووسا کە پێی بڵێت:

حەق خەتابش کەرد، وە مووسای عیمران
وات: بە زات وێم، قەدیمە و سوبحان

ئەر نەیاوی پێش، دڵداریش دەری
حەتمی مەوزووت، لە پێغەمبەری

سەمایەی هەستیش، تۆ دای بە غارەت
زوو بچۆ بدەر، وەپێش بەشارەت

بواچە بێچوون، بینای بان سەر
سوبح میهمانتەن، بەر لە لیزگ خوەر
(محمدی، 1389: 50)

داواشی و شیعری سۆرانی

وەک پێشتر ئاماژەم کرد، داواشی بە هەردوو ئەزموونی گۆرانی و سۆرانی دەق و بابەتی شیعریی هەیە. بەڵام بە بۆچوونی من ئەوەندەی لە گۆرانیدا سەرکەوتوو بووە، لە سۆرانیدا بەو جۆرە نییە. و دیارە ئەوەندەی تێکەڵ بە میراتی گۆرانە ئەوەندە لەگەل سۆرانیدا تێکەڵاویی نییە. بە شێوەیەک کە تەنانەت ئەو فایلە دەنگییانەش کە بە دەنگی خۆی لێی بەجێ ماوە، زیاتر لە شێوازی خوێندنەوەی شانامە و مێعراجنامە دەچێت و ئەو شێوازە خوێندنەوە نەریتێکی لە مێژینەی ئەدەبی گۆرانن.

لە بەشی پێشوودا ئاماژەمان بەهەندێ تایبەتمەندیی کرد کە رەنگدانەوەی زۆری هەیە لە دەقە گۆرانیەکاندا و لە شیعرەکانی داواشیشدا بەدی دەکرێ. هەرچەند مەرج نییە ئەو تایبەتمەندییان تەنیا لە ئەدەبی گۆراندا هەبێت، بەڵکوو هەندێکیان لە ئەدەبی کرمانج و سۆرانیشدا بوونی هەیە، بەڵام بەڕای من لە ئەدەبی گۆراندا زۆر خەست تر و بەرچاوترە.

لێرەدا دەچینە سەری بەشی سۆرانیی شیعرەکانی داواشی.

وەک پێشتر باسم کرد، قوتابخانەی ئەدەبیی سۆران دابەش دەبێت بە سەر دووقۆناخدا کە قۆناخی یەکەم لە نالییەوە تا کۆماری کوردستان (1945) و قۆناخی دووهەمیش لە کۆمارەووە تا ئێستە. لە قۆناخی یەکەمدا شیعر تەنیا کلاسیکە و جیا لە کێشی بڕگەیی کێشی عەرووزیش باو دەبێت و لە باری ناوەرۆکیشەوە زیاتر جیهانبینییەکی سۆفیانە و رەندانە و لە هەندێ بابەتیش دا نیشتمان پەروەرانە، بوونی هەیە، بەڵام لە قۆناخی دووهەمدا سەرەڕای شیعری دڵداری و ئایینی زیاتر بیری ئایدیۆلۆژیی سەردەم و هەڵوێستی نەتەوخوازانە و کەڵکەڵەی کۆمەڵایەتی بەرچاوترە، لە شاعیرانی کلاسیکی قۆناخی دووهەم، وەک نموونە قانع، فایق بێکەس، هەژار و

هێمن، شەریف حوسەین پەناهی و ...، ئەو چەشنە بیرکردنەوەیە زاڵە، ئەگەرچی ئەم دۆخە شیعرییەت دادەبەزێنێ بۆ کەڵکەڵەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر و تا نوێبوونەوەی شیعر و سەرهەڵدانی قوتابخانەی کفری و روانگە و تەنانەت تا دواتریش، ئەم ڕەوتە درێژەی هەیە. داواشیش هاو پێی ئەو ڕەوتە ئەو تایبەتمەندییانە لە شیعرەکانیدا ڕەنگدانەوەی هەیە .

لە قۆناخی دووهەمی قوتابخانەی ئەدەبیی سۆراندا کە بیر و ئایدیۆلۆژیی هاوچەرخ، ڕەخنە ئەکەنە کوردستان، داواشیش وەک زۆر کەسی تر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی و لە شیعرەکانیدا باسی کردووە، جیا لە ناسیۆنالیزم و نەتەوە خوازیی، یەک لەو ئایدیۆلۆژییانە کە زیاتر زاڵ ئەبێت بیری چەپ و سۆسیالیستییە.

داواشی لە سەرەتای شیعرێکی پێش بینی دا باسی مەهاباد دەکات و دەڵێت :

خوشک و برای مەهابادی
گشت لێبدەن، تەپڵی شادی

کوڕ و کەنیشک و ژن و پیاگ
هەڵکەن بەیداخی ئازادی

بۆ ئازادیی لە مافی ژین
بە یەکیەتی و بە هێزی تین

چ کارگەر، چ زارعین
تێهەڵدەکەن، مورتەجعین
(محمدی، 1389: 164)

و چەن دێڕێک دواتر هەر لەو شیعرەدا دەڵێت:

تا بێ تەقەی داس و چەکوش
گوێ شل مەکە و بگرە و بکوش

بابزانی غەیر لە ئەمە
هەمووی خشەس و مشەمش
(محمدی، 1389: 165)

هەرچەند کۆکەرەوەی دیوانی میرزا ئەحمەدی داواشی لە پەراوێزدا نووسیویە کە ئەم شیعرە، شیعری پێش بینییە و لە ساڵی ١٣١٥ی هەتاویدا نووسراوە، بەڵام ئەوەی من مەبەستمە هێنانەوەی هەندێ چەمک و دەستەواژەی نوێیە وەک ((بەیداخی ئازادی، کارگەر، زارع، مورتەجیع و داس و چەکوش)) کە هەموویان باریکی ئایدیۆلۆژیکی سەردەمییانەیان تێدایە.
ئەو روانگەیە، لە لای ((قانع))یش بەمجۆرە دەردەکەوێ:

با هەموو جووتیار و پاڵە و رەنجبەران
یەککگرن، تا دەبنە هێز و پشتیوان

هەڵگرن پاچ و چەک و بێڵ و قەڵەم
هەر لە رۆشنبیر، هەتا شوان و سەپان

کۆمەڵی سۆشیالیزم بونیان بنێن
تاوەکوو ببنە نموونە بۆ جیهان
(قانع، 1386: 209)

داواشی کاتێ ئەیەوێ باسی هەڵبژاردنی پارلەمان بکات لە شێوازی دیالۆگی نێوان کابرایەکی دێهاتی و شاریدا، بە زمانی تەوس و توانج، رەخنە لە پەرلەمان و هەڵبژاردنی پارلەمانی سەردەمی پەهلەوی دەگرێت و دێهاتی بە شاری ئەڵێت:

وتی: رەئی چۆنە، ئاغە پێم بێژە
پانە، سێ سووچە، کۆتاس دریژە
(محمدی، 1389: 89)

شاری:
شاری وتی پێی: مونعیم و گەدا
واجبە ئەشێ، رەئی بۆ خۆی بدا

وەکیڵ مەعلووم کا، بۆ ناوی ئیجلاس
تا لە بەدبەختی، بمانکەن خەلاس
(محمدی، 1389: 90)

دێهاتی:

کەی ئەم فریشتە، هەڵساگە لە خەو
ڕۆشنی کرگە، زوڵم و تاریی شەو

نەجاتمان بدا لەم بەدبەختییە
لەم ئاە و نااڵە و لەم زام سەختییە

کارێ وا بوێ، حەتمی بزانە
نیشانەی زوهوور، ئاخر زەمانە
(محمدی، 1389: 90)

لە کۆتاییدا کابرای دێهاتیی کە کەڵەشێرێک بە باوەشیەوە ئەبێ، قەناعەت بە قسەی کابرای شاریی ناکات کە ئەڵێ ڕەئی دان باشە و ئەڵێت:

وەکیڵم بۆ چەس، زوڵم بمێنێ
هەر ڕۆژ زاڵم گیان، مەزڵووم بسێنێ

تووخوا بڵانەم، وازم لێ بێرە
سەد وەکیڵ ئەژیت، ئەم کەڵەشێرە
(محمدی، 1389: 91)

میرزا لە شیعری ((وەتەن))دا هەستی خۆی بەرامبەر نەتەوەکەی بەمجۆرە دەردەبڕێت:

هەرکەسێ کوردی، ئەسیل و ئەسڵە
گیانی لەگەڵ خاک، وەتەنیا وەسڵە

کورد باغیرەت پاکیزە و پاکمان
گیان ئەدەین لە بان، ئاوو و خاکمان

وەتەن بۆ ئێمە، لە خەیر لەبڕێزە
سەنگی گەوهەرە و خاکی زەڕخێزە
(محمدی، 1389: 93)

لە دریژەدا وەتەن وەک ((مام)) یان دایک ناو ئەبات:

ئەگەر وەتەن خواین، وەتەن ((مام)) مانە
هۆی سەر بوڵەندیی و یاد و ناممانە
(محمدی، 1389: 94)

لە شیعری "دێقان" و "زارع بێ هۆشین" دا چەشنێک لە نابەرابەریی کۆمەڵایەتیی و چەوسانەوەی چینی فەلای گوندیمان بۆ باس دەکات:

بێچارە دێقان، بێچارە دێقان
بێ جا نەهەرجا، بێچارە دێقان

لە کوڕ ئاغە، سەرسامە دێقان
هەر رۆژە لێف و حەمامە دێقان

کوڕ تۆ لە بەر خوەر، بێ مایە دێقان
کوڕ ئەو میلیۆنر، لە سایە دێقان

یەکسەر بۆ ئاغە، گەوهەری دێقان
بۆخۆت سەرتاپا، زەرەری دێقان
(محمدی، 1389: 95)

یان:

زارع بێ هۆشین، زارع بێ هۆشین
زارعین تا کەی، مەست و بێ هۆشین

تاکەی جورعەی جام، خامۆشی نۆشین؟
تاکەی زوڵم و زۆر، زاڵم لە دۆشین؟

تاکەی ناژنەفین، مەگەر بێ هۆشین؟
لەحاف غەفڵەت، وە سەر ئەپۆشین؟

زوڵم و زەلالەت، چەن ساڵ لەمەوبەر
باو و باپیرمان بێرینە نەزەر

(محمدی، 1389: 98)

له کۆتاییشدا دەڵێت:

وەزع زارع و کاریگەر، یەکسەر
بەیان ناکرێ، چۆنوو لەمەوبەر

نە ساحێب گیان، نە هین منآڵ بوون
نە خاوەن رەئی و ئیدارەی مآڵ بوون

بەدبەختیی ئەو وەخت، بەیان کەم، هەر تەرز
ئەبێت وە داستان، یەک مەسنەوی بەرز
(محمدی، 1389: 102)

ئەنجام:

داواشی یەکێکە لە دواین شاعیرەکانی کۆتایی سەردەمی قوتابخانەی ئەدەبیی گۆران کە لە شیعری گۆرانیدا زۆر سەکەوتوو بووە و چەند تایبەتمەندیی گرنگی ئەو قوتابخانەیە لە شیعرەکانیدا دیار و بەرچاوە، وەکوو هونەری شیعرییەت بە هەموو رەهەندە فۆرمی و ناوەرۆکییەکانیەوە و پاراستنی سیاقی کێشی دەبڕگەیی رەنگدانەوەی نەریتی شانامە و نیگای ئۆستوورەیی بۆ دەسەآلت و تەنانەت نیگای قووآ و ناڕاوآەتی بۆ مەعنا و میتافیزیک، سەرەڕای ئەوەی کە خۆی وەک موسوآمانێکی باوەڕمەند پێناسە ئەکات.

هەروەها داواشی جیا لە شیعری گۆرانیی شیعری سۆرانیشی هەیە کە هونەری شیعریەتی کەمترە و زیاتر شیعر ئامرازێکە بۆ دەربڕینی کەآکەآەی کۆمەآایەتی بە هەوێنی بیر هزر و ئایدیۆآۆژیای هاوچەرخەوە.

لە کۆتاییدا ئەو تایبەتمەندییانەی کە لەم وتارەدا و بە پێی دەق و بابەتە شیعریەکانی داواشی بۆ ئەدەبی گۆران و قۆناخی دووهەمی قوتابخانەی ئەدەبیی سۆران واتە لە سآڵی ١٩٤٥ی زایینی بەملاوە، دەستنیشان کراون، وەک حوکمێکی رەها و جیاکەرەوە نیە و بڕێک لەو تایبەتمەندییانە دەکرێ لە قوتابخانەی ئەدەبییەکانی تری سۆران و کرمانجدا بوونی هەبێت، بەآام لێرە مەبەست بۆآدبوون و بەرچاوبوونی ئەو تایبەتمەندییانەیە لە رەوتی زەماندا، کە لەوانەیە لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی تر و لە جوغرافیایەک بۆ جوغرافیایەکی تر و تەنانەت لە ئەدیبێکەوە بۆ ئەدیبێکی تر، تەوفیری هەبێت، بەآام بە پێی فەزای گشتیی دەق و نووسراوەکان دەستنیشان کراون.

وەک کۆتایی وتارەکە میرزا ئەحمەدی داواشی بە هەردوو ئەزموونی زمانی گۆران و سۆران نووسراوەی هەیە سەر بە هەردوو قوتابخانەی ئەدەبیی گۆران و سۆرانە کە بە پێی ئەوەی وتمان توانای داهێنەریی و خولقێنەریی لە ئەدەبی گۆراندا زیاتر و قوڵتر و بەچاوترە.

سەرچاوەکان:

1- قانع، بورهان، "دیوانی قانع"، تهران، نشر پانیذ، 1386.
2- محمدی، حسین، "دیوانی میرزا ئەحمەدی داواشی"، تهران، نشر احسان، 1389.
3- شاکەلی، فەرهاد، "گێڕانەوەی مۆدێرنی کوردی"، سنه، مادیار، 1399.
٤- خەزنەدار، مارف، "مێژووی ئەدەبی کوردی"، هەولێر، ئاراس، 2001.
٥- روستەم، ئەیووب، "گۆران وەک زمانێکی ئەدەبی"، سلێمانی، تەژنە، 2019.
٦- آبراهامیان، یرواند، "ایران بین دو انقلاب"، تهران، نشر نی، 1378.
7- عەبدوڵاهی، کەماڵ، "سێبەری ئازادی"، سلێمانی، بنکەی ژین، 2008.
8- امجدی، آرش، "تاریخچه رادیو کردی در ایران"، پایان نامه دانشجویی دانشگاه تهران، 1394.
9- کرماشانی، شامی، "چەپکە گوڵ"، تهران، انتشارات سروش، 1362.
10- مستەفا رەسوڵ، دوکتور عیزەدین، "ئەحمەدی خانی شاعیر، بیرمەند، فەیلەسووف و سۆفی"، سلێمانی، 2008.
11- مەلاسالّح، حەکیم، "دیوانی بێسارانی"، سنه، بڵاوگەی گۆران، 1375.
12- عوسمان خەیات، کاروان، "دیوانی خانای قوبادی"، سنه، نشر شوان، 2016.
13- چەمەن ئارا، بێهرووز، "شانامەی کوردی بەرگی یەکەم رووسەم و زووراو"، بانه، چاپەمەنیی مانگ، 1395.